
عێراق.. شەوی سەری ساڵ نزیکەی ٥٠٠ حاڵەتی بریندارببوون تۆمارکراون



ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند، لە شەوی سەری ساڵدا، نزیکەی ٥٠٠ حاڵەتی بریندارببوون بەهۆی یارییە ئاگرینەکان، تەقەکردن و رووداوەکانی هاتووچۆ تۆمار کراون.

 سەیف بەدر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە راگەیەنراوەکدا باویکردووە، لە شەوی سەری ساڵدا لە بەغدا، بەهۆی یارییە ئاگرینەکانەوە نزیکەی ٣٠٠ حاڵەتی بریندارببوون تۆمارکراون.

هاوکات جەختی لەوە کردووە، ئەو ئامارەی کە باوکراوەتەوە هێشتا ئاماری کۆتایی نییە، چونکە بەشێک لە بریندارەکانی بە وەرگرتنی چارەسەری پۆیست سەردانی بنکە تەندروستییەکانیان نەکردووە، بۆیە پێشبینی دەکرێت ژمارەکە لەوە زیاتر بێت.

لە بەشکی دیکەی ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، لە بەغدا ٤٣ حاڵەتی بریندارببوون بەهۆی تەقەکردنەوە، هەروەها ١٤٠ حاڵەت بەهۆی رووداوی هاتووچۆ و ٨٦ حاڵەتی جارووجۆری دیکەش تۆمارکراون.

دڵشکێت، زەربەی حاڵەتەکان سووک و مامناوەند بوون، بەڵام هەندێک لە بریندارەکان پێویستیان بە مانەوە لە نەخۆشخانە هەبووە و هەشتا لەژێر چاودێری پزیشکیدان